بەشی چوارەم

## پیرە پەپوولەکانی ئێواران

ئەردەلان عەبدوڵڵا




پیرەپەپوولەکانی ئێواران ، دوابەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکی شێرزادحەسەنە. لەپاش ئەم بەرهەمەوە، ئیتر وەرزی سەوزی رۆمان دەستپێدەکات . ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ساڵی 2004 ، چاپی یەکەمی کراوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بریتیە لە 6 چیرۆکی کورت .

1. پیرەپەپوولەکانی ئێواران.
2. گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان.
3. ماڵێک لەئاو.
4. مارلین.
5. کوودەتای کەروێشکەکان.
6. تابلۆیەکی ناتەواو.

زۆرسەیرە ئەم کتێبە فەهرەست( ناوەرۆک)ی نییە !!! . خوێنەر ناچارە خۆی بەدوای چیرۆکەکاندا بگەڕێت. ئەمەش بەبڕوای من ، هەڵەیەکی جوان نییە .

شێرزاد لەم بەرهەمەشدا ، جارێکی تر کۆمەڵێک بابەت و مەسەلەی حەساس و گرنگی ووروژاندووە. وەکوو هەمووجارێکیش هەوڵی داوە ، چەند پرسیارێک بخزێنێتە ناو مێشکی خوێنەرەوە. مەسەلەکانی ( **سێکس و پەیوەندیە نامۆکانی نێوان ژن و پیاو، خۆشەویستی ، هەژارای و بێدرامەتی ، نەخۆشی** ) .
لەڕووی فۆرم و شێوازی دەربڕین و زمانەوە ، هیچ گۆڕانکاریەکی تازە نابینیت. دیسانەوە زمانی پەخشان و شیعر ، بەزۆری خۆیان بەسەر چیرۆکەکاندا سەپاندووە.

## پیرەپەپوولەکانی ئێواران

ئەم چیرۆکە باسی ژیانی یەکێک لە توێژە هەژارەکانی ناوکۆمەڵگای کوردی دەکات . باسی پیشە یەکی گرنگ و حەساس لەلایەک ، قێزەون و ناشرین لەلایەکی تر . ئەم چیرۆکە باسی تراژیدیای خەڵکی ( **کەناس ، زبڵرێژ** ) دەکات . شێرزاد لەم چیرۆکەدا هەوڵی داوە، باسی ئەوحالەتە کۆمەڵایەتییە بکات ، کەئەوخەڵکانە تێیدا دەژین . هەڵسووکەوت و کاردانەوەی خەڵکی ، بەرامبەر بەم توێژە یان ئەم پیشەیە. بەداخەوە لەکۆمەڵگای کوردیدا چەند پیشییەک لەخۆرا بوونەتە عەییبە. یەکێک لەوانەش پیشەی زبڵرێژیە. خەڵکی هەمووکاتێک دادو هاواریانە بەدەست زبڵ وپاشەڕۆوە ، کەچی لەهەمانکاتیشدا ، ئامادەنین بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری ئەو خەڵکانە بکەن، کەلە زبڵ و پاشەڕۆکانیان ڕزگاریان دەکات . زۆرسەیرە خەڵکی واهەیە لەکوردستاندا پێی شەرمە کاری کەناسی بکات ، کەچی کاتێک دەگاتە ئەوروپا ، مەمنوونە گەر بە کەناسی وەریبگرن !!.

**( گەر دەتەوێ لە خوڵق و ئەتواری خەڵکی تێبگەی .. وەرە وەک من سەیری تەنەکەی زبڵ و زاریان بکە .. سەیری پاشەرۆک و گەندو گوویان ... کوڕی خۆم ..فێربە .. دونیا زبڵخانەیەکی زۆرگەورەیە .. گەر گەرەکتە لێی حاڵی بیت.. بڕۆ ناوی و لووتت مەگرە .. ل.6)**

حاڵەتێکی گرنگ یان خاڵێکی مەزنی تر کە شێرزاد باسی کردووە، مەسەلەی میراتگەری پیشەی هەژاریە، لەباوکانەوە بۆ کوڕەکانیان. چونکە باوکی زبڵرێژە ، ئەمەیش دەبێتە زبڵرێژ. ئەمەش کارەساتی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگایە .

**( منم پاکترین خوڵڕێژی شارەکەت ، من نەک هەرخۆم ... بگرە باوکیشم پتر لەسی ساڵ زبڵڕێژی ئەم شارە بوو، ئەوەیان میراتەو بەتایفە بۆمن ماوەتەوە ... ل 3 )**

### پیرە پەپوولەکانی  شێرزاد و بۆخۆیی محرەم محەمەد ئەمین




**مامۆستا محەرەم محەمەد ئەمین ، یەکێکە لە قەڵەمە بەتواناکانی چیرۆکی کوردی ، کەلەساڵانی شەست و حەفتاکاندا ، چەندین چیرۆکی جوانی نووسیوە . دەتوانین بڵێین ، یەکێکە لەمامۆستاکانی چیرۆکی کوردی . لەکۆمەڵە چیرۆکی " ئادەمیزاد" کەلەساڵی 1969 لەچاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپی**

کردووه. چیرۆکێکی جوانی بەناوی " **بۆخۆیی**" نووسیوه. ئەو چیرۆکه باسی ژیانی کوڕێکی زبڵڕێژی شاری سلێمانی دەکات. زۆربەجوانی کاردانەوەو هەڵوێستی خەڵکی لەبەرامبەر ئەو پیشەیه نووسیوه.
هەرچەند سەیر دەکەم ، کوڕە زبڵڕێژەکەی شێرزاد ، لەگەڵ کوڕە زبڵڕێژەکەی محەرەم محەمەد ئەمین، زۆر لەیەکەوە نزیکن ، هەر دەڵێیت کوڕی یەک گەڕەکن !.

## گەمەی گۆڕینەوەی قەڕەوێڵەکان.

لەم چیرۆکەدا شێرزاد بەتووندی ڕەخنە لە سیستەمی تەندروستی بەگشتی و نەخۆشخانەکان بەتایبەتی دەگرێت . بەشێوەیەکی زۆرئەدەبی بەرز هەوڵی داوە ، ئەوپەیوەندیە نارێک وپێکەی نەخۆش و کارمەندانی نەخۆشخانەکان( **دکتۆر وسیستەر و یاریدەدەری پزیشک..هتد**) ، بخاتە جێگای پرسیار و ڕەخنەوە.

**وەڕسی و بێزاری لە خەون و خولیای درۆ ، لەدەرمان و دەرزی ، لەبینینی مەرگی سەدەها هاوەڵ ، لەژوانی ژنە مردووەکان ... لەژەهرەوە بیگرە تادەگاتە خۆخستنە خوارەوە لەسەربان ، زوو زوو چنگێک حەبیان لەدەست یەکێک وەلادەدا .... ئەو وەختەی ژنێک بە باڵایەک لە گڕەوە بەنێو قاوش و ڕاڕەوەکاندا دەسووتاو گاری دەدا ، پیاوان لەخەو ڕادەچەنین و توخمی ژنیان بەنەفرەت دەکرد ، کە نازانن چۆن خۆبکوژن ...ل 30**

**بەدرۆی هەناسە هەڵمژینی پاک خۆمان لە قاوشەکانی ژن و کچەکان نزیک دەخستەوە..ل31**

**نەخۆش ئەوکەسەبوو کە بێ داوو دەرمان ، بێ دەرزی ، بێ گریان بنوێ ، بێ خەونی ناخۆش و نرکەو ناڵەو پرخاندن ... هەندێ شەو لەسەر پرخاندن و ناڵەو هاواروگرانی نەخۆشەکان دەبێ بەشەڕو تابەیانی کەس ناسرەوێ.. ل 32**

ئەم چیرۆکە باسی ژیانی منداڵێکی بێکەس دەکات ، کەلەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاردا فرێدەدرێت . منداڵەکە جگە لەوەی کە بێکەسە ، لەهەمان کاتیشدا سەقەتە ، هەربۆیە بەناچاری هەرلەوێش پەروەردەو گەورە دەبێت.

### سەرنجێک

ڕاستە لەکوردستاندا سیستەمی خزمەتگوزاری زۆرخراپە . زۆر تەواوە گەر بەڕاشکاوانە بڵێین ، لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا ،خراپترین سیستەمی خزمەتگوزاریمان هەیە. منداڵان بەگشتی و بێ کەسەکان بەتایبەتی ، وەزعیان زۆر زۆر خراپ و ناخۆشە.
وەلێ لەهەمانکاتیشدا چەند دەزگایەکی تایبەت هەن ، کە ئیهتمام بە منداڵی بێکەس دەدەن. هەرچەندە زۆرلاوازو خراپیشن . دیارە گەر دەزگای حکومیش نەبێت ، ئەوا هەر دەزگایەکی ناحکومی پەیدادەبێت . لەبەر ئەوە من پێم وایە ، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە ، کەمنداڵێکی بێ کەس ، لەنەخۆشخانەیەکدا بژی . چونکە شتی وا ڕێی تێناچێت . بەبروای من چۆنێتی داڕشتنی ئەم چیرۆکە ، زۆر دوورە لە لۆژیکەوە. باشتربوو پاڵەوانێکی تری دروستبکردایە ، یان لەجیاتی نەخۆشخانە ، باسی دەزگایەکی تری بکردایە .

## ماڵێک لەئاو

ئەم چیرۆکە باسی کارەساتێک دەکات کەبەسەردوورگەیەک دێت ، ئەویش کەمی شوێن بۆ ئەوخەڵکە زۆرەی دوورگەکەیە. هەربۆیە دەبێت ساڵانە چەند کەسێک فرێبدرێنە ئاوەکەوەو ببنە قووربانی ،بۆئەوەی ئەوانی تر بژین .

**سەرۆک خێڵ :**
**ئێوە هەرهەمووتان دەزانن کە ئێمە لەم دوورگەیەدا گیرمان خواردووە، چەند ساڵ جارێک ژمارەمان زیاد دەکا ، وائەمساڵیش وەک نەریتی باووپاپیران مەرجە هەندێکتان ئامادەبن وببنە قووربانی خواوەند ، ئاواش نەبێ نەخۆراک بەشمان دەکاو نەئەوخاکەی لەسەری دەژین ، وەک جاران هەندێکتان دەخەینە نێو بەلەمێک و بێ سەوڵ دەتاندەین بەدەم ئاوەوە ... ل 55 .**

دیارە یەکەمین کەسیش کەدەبێتە قووربانی کوڕ وکچێکی عاشق دەبێت. یەکەمجار کوڕەکە فرێدەدەنە ئاوەکە . پاشان کچە خۆشەویستەکەی ، ئەویش خۆیبەخت دەکات و خۆی فرێدەداتە ئاوەکەوە.
**کەوتە دوای بۆنی جێماو .. کەوتە دوای تامی فرمێسکەکانی کورەی لەوەند ... شوێن پێیەکانی .. بەوئومێدەی کەلەژێردەریادا بەیەک بگەن ...ل 57 .**

دیارەلەم چیرۆکەدا شێرزاد دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ : کەیەکەمین شت لەم وڵاتەدا کەدەکرێتە قووربانی ، عیشق و خۆشەویستییە. دەیەوێت بڵێت ، کە خۆشەویستی چەندە بە چاوێکی سووک و بێ بایەخەوە سەیردەکرێت . وەلێ لەهەمانکاتیشدا ، پێمان دەڵێت ، کە هەمووکاتێک خۆشەویستەکان (عاشقەکان) ، ئامادەن گەرلەسەرزەویش بەیەگ نەگەن ، ئەوا لەژێرزەوی بەیەک دەگەن .
شێرزاد باسێکی گەورەی وورووژاندووە ، وەلێ بەداخەوە زۆر بەکوورتی وازی لێهێناوە. ئەم چیرۆکە کورترین چیرۆکی ئەم کتێبەیە . ئاخرباسێکی گرنگی ئاوا ، چۆن بەلاپەڕەو نیوێک باس دەکرێت؟!.
بەبڕوای من دەبوایە زۆرتری لەسەر بنووسایە و ، کەمێک باسەکانی چڕتر بکردایەتەوە.

## سەرچاوەکان :

**پیرەپەپوولەکانی ئێواران. شێرزاد حەسەن . چاپخانەی تیشک . چاپی یەکەم . سلێمانی .2004**

**ئادەمیزاد . محرم محمد امین. چاپخانەی کامەران . سلێمانی . 1969 .**